کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-4-2007 13:42

Khalidabdula2000@yahoo. com

## سنور دانان بۆ ئازادی ڕۆژنامەوانی پاشە کشێیە لە دیموکراتی ... خالد گراوی

ڕۆژنامەوانی بە درێژایی مێژووی تەمەنی لە ململانێیەکی بەردەوام بووە لەگەڵ دەستەلات، سەرەڕایی بوونی چەندەها بەربەست و ڕێگر و هەبونی شێوازی جۆراو جۆر لە ئاستەنگ دورست کردن لە بەردەمی، نەتوانراوە لە گەشە و بەرەوپێش چون بوەستێنری، تا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو ڕۆژنامەوانی گۆڕانی گەورە و بەرچاوی هەمەجۆری بەخۆیەوە بینی، توانی بگاتە لوتکە، کە قۆناغی ئەمڕۆی تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێتە و بە پێشکەوتوترین شێوازی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ دادەنرێت لەڕوی ئاسانی پەیوەندی و ڕێژەی زۆری خوێنەرو سەربەستی لە بەرفرەوانی بواری ڕاگەیاندنی بی سانسۆر.



دەستەلاتی نازی و فاشی لەو بڕوایە دابون کە کۆمەڵگا یاخود خەڵکی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی ڕانەهاتون و پێنەگەیشتون بۆیە ئەرکی حکومەت، فێر کردنی خەڵك و ڕۆشنبیر کردنیانە بەو زانیاریانەی کە خۆیان مەبەستیانە و ئەرکی ڕۆژنامەوانیش وەکو فەرمانبەریك بوو، کە تۆمارکەری سەرنج وبیرورا و تێڕوانین و بیروبۆچونەکانی دەستەلات بوو، لە ڕێگای گواستنەوەیان، بۆ سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان، کە نابوایە ئەو سنورە سورانە ببەزێن، کە بۆیان دیاری دەکرا.

کۆمۆنیستەکان بە مەبەستی کار کردنە سەر هەست و کرداری هاولاتیان، چالاکی سیاسی و حیزبی و حکومیان دەگواستەوە دەزگا ڕاگەیاندنە مۆنۆپۆلکراوەکانیان، ئەرکی ڕۆژنامەنوسانیش پشگیری کردن بوو بو لەسیستەمە سیاسیەکەیان، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەوانی پێویستیەکی حکومەت بوو، بۆ زیندو ڕاگرتنی بیرو باوەڕیان، بەلام هەندی جاریش وەك پێویستیەکی جەماوەری هەندی بواری موجامەلەی نوسینیان جێدەهێشت بۆ ڕۆژنامەنوسان، کە لە چوارچێوەی ئایدیایەکەیان تێپەڕی نەدەکرد.

بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە ڕۆژنامە ئەرکێکی بەرامبەر جەماوەر هەیە و پێویستە بە شێوەیەك بەرپرسیار بکرێت، لەکاتێك کە لە ئەرکەکانی کەمتەرخەمی بنوێنی، لە زۆر ولاتدا، وەك شێوەیەکی سانسۆر پیادە دەکرا، و نوسین و زمانی دەربڕین لە لایەن دەستەلاتەوە نەخشەی بۆ دادەنرا، نوسەرو خوێنەریشی لێك نزیك دەکردەوە یا بەشێوەیەکی تر، پێویست بوو نوسەر داخوازیەکانی خوێنەر بخاتە ڕوو، وە زیاتر هەوڵی فێر کردن و دارشتنی ئەو زانیاریانەی بدا کەویست و خواستی جەماوەرەکەی بون.

ئازادی ڕۆژنامەوانی بنەمای سەرهەڵدانی سەرجەم ئازادیەکانی ترە، و گوزارشتە لە ڕای تاکەکان و پشگیریەکە لە مافی بڕیار لێدراوی جارنامەی مافی مرۆڤی جیهانی، کەبەندی نۆیەمی تایبەتە بە مافی دەربڕینی ڕۆژنامەوانی و مافی زانین و فرەوان کردنی سنوری ئازادیەکانی تاك، کە لە مافە سروشتیەکانی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت.

ئەرکی ڕۆژنامەوان لە سیستەمی دیموکراتی بریتیە لە بەگژاچونەوەی سەرجەم ئەو هەولانەی کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم گەشەی کۆمەلایەتی و، ولات و جەماوەر بەرە ئاقارێکی پڕ لە نەهامەتی دەبەن، لەگەڵ گەڕان و دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی حکومەت و دەست نیشان کردنی گەندەڵچیەکان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێشێلکەرانی دیموکراسی و ناعەدالەتیەکانی دەستەڵاتداران و مۆنۆپۆل کەرانی بنەماکانی ژیانی (ئابوری و سیاسی وکۆمەلایەتی) و بەهەدەردان و دزینی سەرمایەی گەل و قۆرغ کردنی دەستەڵات.

ڕەخنە گرتن مانای ناڕازی بوون نیە لە و لایەنەی کەڕەخنەی لی دەگیری، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ نمایش کردنی کەم کوریەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ کێشەکان.

لە کوردستان ئەمڕۆ سەرەتاکانی دیموکراسی هەنگاوی بۆ نراوە، بۆیە باشتر وایە خۆمان بە گیانی ڕەخنەیی سەردەمی جیهانگیری چەکدار بکەین، بۆ ئەوەی لە هەموو دەمارگیریەکی ئایدۆلۆژیای ئوسولی خۆمان بپارێزین.

ئەوانەی بڕوایان وایە ڕەخنە لە بەهای پیرۆزی نوسین کەم دەکاتەوە و، دەیانەوی زمانی نوسین، وەك زەمانی سەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ بێت، ناوەڕۆك و شێوەی نوسین قالب ڕێژ بکرێت و زمانی پاڕانەوەو پیاهەڵدان بە دەستەڵات جێگای بگرێتەوە، بێگومان داڕێژەرانی ئەم بۆچونانە هەڵگرانی کەلتوری فاشین، قەلەم فرۆش و پینەکەری هەڵەکانی دەستەڵاتن.

ئازادی ڕۆژنامەوانی نابی سنوردار بکرێت و، بواری بەردەمی بەرتەسك بکرێتەوە، ئەوەی پەیوەستە بە جنێو بوختان و درۆ و تەشهیر، لە وڵاتە دیموکراسیەکان یاسا چارەسەرو ڕێك خەری کێشەکانە، نەك ڕفاندن و هەڕەشەی کوشتن و چاوسورکردنەوە و هۆکارەکانی تری فشار بۆ بنبڕکردنی دەنگی ئازادی خواز، و شکاندنی قەڵەمەکانیان.

ونبونی ئازادی ڕۆژنامەوانی واتە ون بونی مافی ئازادی ڕادەربڕین، یا بە واتایەکی تر بە کۆیلە کردنی مرۆڤ، کە ئەویش بە چوارچێوەی دانان بۆ سنوری کارکردن، یا سانسۆر خستنە سەر کاری ڕۆژنامەوانی کە لەگەڵ بونی سیتەمی دیموکراتی هاوچەرخ یەکانگیر نابی، بە پێشێلکردنی پرەنسیپی سیستەمەکە ئەژمار دەکری.

... ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.